# ئەفسانەی مانگ!

عادڵ قادری

بە پێچەوانەی ئەوەی کە باوکم دەیڵێت گوایە من کۆمۆنیست یان بە قەولی ئەو کۆمیسیۆنم، لە ناخی خۆمدا دەزانم شتێکی گەورەتر لەوهی کە ئەو دەیڵێت و تا ئێستەش بیستوومە و بینومە و خوێندوومەتەوە، هەیە. ناڵێم خوداپەرەستم بەڵام هەستێکی دوور پێم دەڵێت ناتوانم بێ خوداش بم! ئەم ئەندێشەیەم لەو شەوەوە دەستی پێکرد کە مانگم لە شکڵ و شوێنگەیەکی سەیردا دیت! شەوێک کە باوکم فڕاندمی و دەستم لە زەمین و ئاسمان بڕا! تەنها حەوشە گچکەکەی ماڵی خۆمان نەبێت! ئەگەرچی ئەویش بە موڵکی ئەو حسێب دەکرا بەڵام ئەوەندە لە ژێر چاودێریدا نەبوو! بە پەلەپڕووزێ هەڵاتم! نۆزدە یان بیست ساڵان بووم! نۆزدە بۆ بیست هەنگاوی خێرا و گەورە هەڵاتم! مانگەشەوێکی هاوین بوو، نە من دەمتوانی زۆر هەڵبێم، نە ئەویش دەیتوانی زۆر بمفڕێنێت! لە دواجاردا باوک و کوڕ بووین! سێبەر و مادە کە لێک دەرنەئەچوون! هەر عەیب بوو! وەکوو دایکم دەیوت: شوورەیی بوو! لەبەر ئەوە تەنها تا حەوشە هەڵاتم! ئەویش هەر تا ئەوێ دوام کەوت!

: ماڵی ئاوەدان!

حەوشەش هەر ماڵی ئەو بوو! ناچاربووم لەوێ بارگەی لێخەم! دەرەوە پڕ بوو لە سەگ و دز و وەکوو دایکم دەیوت: ڕەنگە گورگ یان پیاوی خراپەکار! یش. حەوشە، ئارامترین شوێنی دونیا بوو! گڵۆپێکی زەرد تیشکێکی دڵنیاکەرەوەی دەبەشاند بە بەشی باشووری دا، گڵۆپێکی وەکوو گونەبەران! تیشکەکەی لێ بەدەر کەی کە چاوی دەدزی گونەبەرانێکی تەواو بوو!...

: چاوت خۆش و گەش خانمی ڕێبوار!

...خڕ و خۆش و خوازراو! بە خوێوە! وائەزانم لە بەشی ڕۆژهەڵاتی حەوشە نیشتەجێ بووم، ئەو شوێنەی ڕۆشنایی زۆری گونەبەران نایگرێتەوە و تاریکییەکی ڕزگارکەری لە دەست باوکم پێ بەخشیوم! شوێنێک کە دارتووەکە تێیدا چەقیوە! لە ڕاستیدا ئەگەر ئینسافم هەبێ دەبێ بڵێم ئەو شەوە من میوانی ئەو بووم! هیچ توویەکیشم نەخوارد کە بایەکی هێواش و نەرم و نارین دایدەخست بۆم، تەنها بە حوزنێکی نەناسراوەوە تێر لە باوەشیدا ڕاکشام! کاتێ بە ئەرخەیانی و هاوکات خەفەت و ماندوویەتی لە سەر موزائیکەکان هەڵاژیام، مانگی چواردەم لە نێوان دوولقیدا بینی، دوو لقی گەورە و دیار! دوو لقی زۆر ڕێک و خواکردوو! هەر دوو لقەکە پێکەوە حەوتێکیان دەکێشا...

: خۆ تۆ ئەهلی مانگ و موقەدەس نیت!

...هیچکات مانگم ئاوەها نەبینیبوو، کەم شەو هەبوو چاو لە مانگ نەکەم، باوکم شەوێک دەیوت: "بڕوانە شێتە! خودا تاقەگڵۆپێکی هەیە هەموو دونیای پێ ڕۆشن کردۆتەوە، تۆ نەبێ کە بە هیچ ڕۆشن نابیتەوە، تۆ خودا درووستی نەکردووی بۆیە بەر تیشکی ناکەویت! شەیتانیت! ڕیت لێ ون بووە!"

گونەبەران دەدرەوشایەوە و مانگ لە نێوان دوولقدا ڕاوەستابوو!

ئەو شتەی کە باوکم لە سەر مانگ دەیوت شەیتانیی دەکردم! بەڵام ئەو خۆی نەیدەزانی چ هیدایەتێکی خراپی دەدام!

: نووری ئەو گڵۆپە دەبێتە پردێ پێوەندی نێوان تۆ و شەیتان!

: من یان تۆ؟!

زۆر کات کە لە دەرگای حەوشە دەکەوتمە ژوورەوە و باوکم دەدیت، ئانوسات بیری خودا دەکەوتمەوە. نەک لە بەر ئەوەی ئەو زۆر موسڵمان یان نوێژخوێن یان دەم بە تالیلە بووبێت بەڵکوو ئەو وا دەریدەخست خودای باشترین ناسیوە، خودایەک کە بەپێی زانیارییەکانی من هیچ پێغەمبەرێک باسی نەکردووە و خودای لەو شێوەیە تەنها تایبەت بوو بە بنەماڵەی باوکم کە دەچنەوە سەر ڕەگەزی پاشایەکی نەناسراو بە ناوی خەسرەو، هەڵبەت بەپێی حیکایەتی خۆی و پشتڕاستکردنەوە بەردەوامەکانی دایکم! خودای ئەوان لە ڕەشاییەوە جیهانی درووست کردووە، هەموو بنەماڵە پێستیان ڕەش بوو، تیڵماسکێک لە نوور نیوەشەوان دەخزایە ژێر پێستیان و تەنها من کە شەوبێدار بووم دەمزانی. دایە گەورەم دەیوت دەڵێن: " شەوانی هاوینی بەرەو پائیز، کاتی پێگەیینی هەرمێ، خودا لە قەوارەی تەشتێکی گەورە لە نوور خۆی پیشانی کوڕان و کچانی باڵق دەدات، لە سەر تەپۆڵکەیەکی کەونینەی قەڵایەکی کۆن و ڕووخاو دەردەکەوێت کە ئێستە ڕەش و زووخاوە"...ئێستەش ئاسەوارەکەی لە گوندێکی سەرسنوور ماوەتەوە و هەمووی بیست کەس تێیدا دەژین. لەو شوێنە چەپەکە کە کەن و کەندڕێکی ناکۆتا دەکەوێتە دامێنییەوە، دواماڵی گوند کە دەکەوتە لێواری کەندڕەکە دەکات باواگەورەم. باواگەورەم کاتی خۆی وتوویەتی: "دونیائاخری لێرەوە دەست پێدەکا و پرساوجواویشمان نابێت لە هەمبەر خوادا چوون بڕیارە کەژ و کێو هەموو بڕمێن بە سەر مرۆڤدا و بێ زیندووبوونەوە هەموومان نەجاتمان بێت! بەم شوێنەش دەڵێن مانگەزەردا!" ئەوان ئایینێکی وایان هەبوو، زۆر قسەیان نەدەکرد، زۆر کات تەنها بە ئاماژەی قامک و دواجار کردەوە دەتزانی لە ڕازێک بەرگری دەکەن. کاتژمێریان لە دەست بوو بەڵام نەیاندەزانی چەند پیشان دەدات! تەنها شەوان دەیانتوانی کات دیاری بکەن!...

: قامک بۆ مانگ وەکوو نموونە!

...باوەڕێکی زۆریان بە ئاو و ئاسمان و دار هەبوو! بۆ نموونە ئەگەر تۆ گوێزێک لە دارگوێزێکیان ببەیت یان لە جۆگەلەیەک ئاو بخۆیتەوە کە سەرچاوەی لە کانیاوێکی ئەوانە و بە سەرتا بهاتبان، سەرەتا تەنها لێیان دەڕوانیت، توند، تووڕە و ڕەشتاڵە و ...هێندە بە گرژییەوە دەیانڕوانی کە برۆکانیان پێکەوە پەیوەست دەبوو و مەودای نێوان دوو برۆ نەدەمان و بوونەوەری ترسناکی نائاساییان لێ درووست دەبوو، هەموو ڕوخساریان دەبوو بە جەغزێکی تەواوی تووکن و ڕەش، لە مانگێکی ڕەش دەچوون بە بێ خەرمانە و نوور! باوکیشم لە ڕەگەزی ڕەسەنی ئەوان بوو! یەکەمجار دایکمی لە سەر جۆگەلەئاوێک و لە بن دارگوێزێکدا گرتووە، وایزانیوە جنۆکەیەکی موسڵمانە، بیسمیللی لێکردووە و ئەمیش هەڵاتووە و تا سەر ترۆپکی مانگەزەرد نەوەستاوە، شوێنێک کە دەڕوانێتە قووڵاییەکانی خوار کەن و کەندڕەکە و لە زاری باپیری مەزنمان؛ خەسرەو پاشا! بە قەڵشتی نێوان دوو دونیای ئینس و جن ناو براوە! دوای ئەم ڕاکەڕاکە لە سەر ترۆپکی مانگەزەرد گرتوویەتی و وتوویە دەبێ لە ژێر مانگی چواردەدا چواردە جار چواردە ئارەزوو بکەیت و دەبێ یەکیان ئەوە بێ کە ببی بە هی من!...

: لە ئارەزووی حەوتەمدا دایکم بووە بە هی ئەو!

... و دواتریش ئیمان بێنی بە شانی محەمەد و ئەوجا بێیتە باوەشم!

: جنۆکەکەش وەهای کردووە!

باوکم وا ژنی خواستووە و هەر لە بەردەم مانگی شەوی چواردەدا بووە بە پیاو! دایکیشم لەوێدا بووە بە ژن! کاتێ لە سەر ترۆپکی مانگەزەرد دەهاتنەوە بەو نیوەشەوە لە گۆڕستانی مورادحاسڵ لایان داوە و لە سەر گۆڕی خاسکردەیەک بەناوی ئیبراهیم نزایان کردووە کە یەکەم منداڵیان کوڕێک بێت و ناویشی دەنێن؛ هەڵکەوت.

هەڵکەوت ئێستا منم.

: دوای ساڵانێک هەر منم!

لە ژێر دارتووی حەوشەکەی باوکمدا ڕاکشاوم! زۆر جار خۆم بۆی زیت دەکردەوە و پێیم دەوت سڵاو! بەڵام ئەو هیچکات باوەڕی بە سڵاو نییە! وەک چۆن هیچ وشەیەکیش بۆ خواحافیزی بە کار نابات. نوێژی بەیانیان کاتژمێر یازدە دەخوێنێت یان دە، کاتێک کە خۆر یەک لە سێی ئاسمانی بڕیوە و داویە لە نێزیک تەوقە سەری دارتووەکەی مانگ. نەمبینیوە شەوانی مانگی چواردە قەت نوێژ بکات! جێژنانی ڕەمەزان و قوربانیش زوو هەڵدەستێ و دەچێتە مزگەوت و بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە دێتەوە بۆ نانخواردن. زۆر حەزی لە پەراسوو و بەزی مەڕە، کاتێ پەراسوو دەخوات بەرچاوی زۆر ڕۆشنتر دەبێتەوە وەکوو ئەوەی لە تاریکییەکی نووتەکدا مانگی چواردە بۆی هەڵاتبێ!

: گونەبەران بەردەوام دەدرەوشێتەوە!

جارێک دایکم گوتی: شەوێک لە خەودا وڕاوەی کردووە کە دەبێ بتخۆم! دواتر خەوەکەی گێڕابوویەوە بۆی و وتبووی لە ساجەکەدا خەریکبووی مانگت برژاندووە بۆم و هەر ویستوویە هەڵبێ بەرەو ئاسمان! کەچی تۆی نەگبەت لە خەو ڕاتپەڕاندم! و...!

ئەو شەوەی فڕاندمی مانگێکی زۆری خواردبوو، پێش ئەوەی گڵۆپەکەی ناو هاڵەکە بزرێت! سێبەری گەورەتر دەردەکەوت لە بەر تیشکیدا!

لە هاڵەکەوە بۆ ژوورە گچکەکەی من نۆزدە بۆ بیست هەنگاوە. لەوێ دوو پرتەقاڵ و لەتە مۆزێک و چەند دانە پووڵی ئاسنم شاردووەتەوە! چەند کتێبم لە سووچێکی ژوورەکە وەکوو خشتی شوێنێکی پیرۆز لە سەر یەک کەڵەکە کردووە و بۆنێکی ناخۆش دێت! هەستم دەکرد ڕۆژێک دەبم بە کەسێکی ...!

: ناڵێم لەمە زیاتر!

ژوورەکە دوو جێگەگڵۆپ بەڵام یەک گڵۆپی هەبوو! کاتێ بۆ خەوتن کوژاندمەوە زڕا! شەو تاریکتر بوو! بینیومە گڵۆپ لە کاتی ڕۆشنکردنا دەزرێت!

: دەبوو هەڵبێم؟!

: ئا!

: نا!

: با!

: با!

هەڵاتم!

تا حەوشە!

لە دەرەوە شەو بوو، زۆرتر شەو بوو! مانگ ڕۆشن بوو! شەو مانگین بوو! هەڵاتم تا نێزیک دەرگای دەرەوە، وەساتم، بە پێ دزکێ و پێ خشکێ هاتمەوە بۆ گۆشەی تاریکی حەوشە! لێدانی دڵ و عارەقەی سەر تەوێڵم شوێن پێیان ئەوەندە نەماوە! دەبوو زوو بخەوم و زوو هەستم! ئەمەیان یاسایەک بوو لە ژێر هەر ئاسمان یان بن میچێکدا بایام دەبوو جەستەم پێڕەوی لێکردبا! بە پێی یاسای پاشای گەورە باپیری مەزنمان! تۆزێک پاشتر بە تەواوی شل و شۆڵ ببووم بۆ خەو، لە حەوشەدا ڕاکشام، نییەتم کرد بخەوم، خەوتم.

دەنگێکی زۆری چفە دەهات، بە وردی گوێم لێ نەبوو بەڵام دەمزانی دوو کەس خەریکی کارێکی نهێنین.

کتێب و پرتەقاڵ و مۆز و پووڵی ئاسن! لە دەنگی ئەوانە ناچێت!

: پاشان شاردراوەتەوە بە باشی!

مانگ و گونەبەران دەدرەوشانەوە، بێ بالیف بووم! بەڵام شتێک لە ژێر سەرما بوو!

: گوناح!

بە پێکەنین یان چێژ یان خەمگینییەوە شتێکیان دەگوت.

: پرتەقاڵ و مۆز و...؟

هەستم کرد بووم بە بالیف!...

نیوەی شەو لە باوەشی دارتوودا خەبەر بوومەوە، هەستم بە ڕاموسانی شتێکی نێزیک لە سەر جەستەم کرد، لە سەر ڕوخسارم، شتێکی وەکوو با بەڵام گیاندار، هەناسەی دەدا، ئەگەر مانگ بە تەوقە سەرمەوە نەبایە دەتۆقیم لە ترسا، چەندین چڵی بچووکی سەوز لە قەپاڵی دارەتووەکە دەدرەوشانەوە، هەستم کرد شتێک لە چێژ بە گیانما تێدەپەڕێ، گەڵایەک شایەتیی دەدا ژیان لە گەڕ دایە!

...گوڵێکی زەردی چەند پەل کە لە زەعفەران دەچوو بە سەر ڕووبەرگەکەمەوە بوو! دەتوت بە بەرماڵێک قامەتی بەستووە بۆ شوێنێکی نادیار و لە سەر بەردەنوێژێکی گوێی جۆگەلەیەک...!

: یەکێک لە دوورەوە دەنگی دەهاتەوە کە خودا حەی و حازرە!

مانگ خەریکە هەناسە دەدا لە باوەشی لقی دارتوودا! بۆنێکی توندی دوور لە شێ دەهات!

یەکێک لە سەر جۆگەلەیک گیرابوو! پێم وابوو خەونە یان جنۆکەی کانییەکەی ئەوسەر کۆڵانە کە وا حاجی محەمەدی تێدا خنکا! حاجی، مانگ لە ئاودا دەبینێ و ئەوەندە چاوی لێدەکات، نوقم دەبێت! شەوەکەی دەرەنگان کە دەچنە سەری دەبینن کە خنکاوە بێ ئەوەی هیچیش تەڕ بووبێت! تاسا بوو! خەو نەبوو، بێدارییەکی تەواویش نەبوو بەڵام هەر چییەک بوو ڕاست بوو! مەزووکەیەکی بچووک بە پەنای دیوارەکە بەرەو پلوورگی سەر ئادابخانەکە دەچوو، سەر ئادابخانەکە بە قیر تەختەبانی گیرابوو، مەزووکە خەریکبوو خۆی دەگەیاندە جێی مەبەست، بەرەو مانگ وەستا بوو، جوانتر لەوەی بوو کە بێژم لێی هەڵبسێ! خەریک بوو ئیمان بهێنم بە شتێک یان لە چێژێکدا بخەوم یان تەنانەت گیانم بە ئەرخەیانییەکەوە دەرچێت، شتێک بەردەوام دەدرەوشایەوە.

: مانگ یان گونەبەران؟

: الله اعلم ڕۆڵە! بە دایکت بڵێ!

بایەکی گیاندار دیسان گەڵاکانی نێوان دوو لقی دارتووی وێک دەنا و پێک دەنا، مانگ هاتووچۆی دەکرد، دەچوو و دەهات، ون دەبوو، دەهاتەوە.

دەڵێن: شەوێک پاش گەڕانەوەی مانگ لە بیابان بۆ خۆشتن ڕۆشتووە بۆ جۆگەلەیەک!

" مانگ پێی لە سەر بەردێ دانا، مانگ نوقم بوو! ئاو وەک شێت و هار هەستا/ بۆ مانگ گەڕا/ سەری کرد و خواری کرد و دەستی بە ناو بنیا گێڕا/ هەر چووە سەر/ هەر هاتە خوار/ مانگ هەر نەبوو/ لەو شەوەوە هەڵچوون و داچوونی ئاو لە دایک بوو!

بیری دایکم کەوتمەوە، دڵتەنگ بووم، زەوین لە ژێر جەستەم بۆش و بنکۆڵ بوو، خەریکبوو قووتم دات! گونەبرانی حەوشە کوژرایەوە، مانگ...

...کتێب و پرتەقاڵ و مۆز...

باوکم دەرگای هاڵەوەی کردەوە، هاتە حەوشەکە، وتی: ئەوە لێرەی؟ شێت بووی؟ خوا شێتت کا! ئەوە تۆزێکی دیکە نوێژە، بڕۆ ماڵەوە بتۆپە!

چوومە ماڵەوە، ئەویش چووە ئادابخانەکەوە، دەبێت بڕوات بۆ مزگەوت نوێژەکەی بکات!

لە ماڵەوە بووم!

مانگ خەوتبوو!